## دەسەڵاتدارانی دنیا و کانزا بە نرخەکان و بێخەبەری کورد لە زانستی نەوت

سەردار پشدەری

رەورەوی مێژوو وای نیشان داوە، کە هیچ نەتەویەکی کەمدەسەڵات خاوەن نیشتمان و کانزاکانی خۆی نیە، دوای ئەوەی لە سەردو پەنجا ساڵەی رابردووەوە دەسەڵاتدارە گەورەکانی دنیا، بۆنی نەوت و غازیان کردو بۆیان دەرکەوت کە ئەو دوو کانزایە لەدوارۆژیکی نزیکدا دەبنە بنەمای ئابوری و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا، هەریەکەی بەشێوەیەک پرۆژەی خۆی دارشت بۆ دەستبەسەرا گرتنی ئەو ناوچانەی کە نەوت و گازی تیدایە.


لێشاو و کانیاوە نەوتیەکانی کوردستان کە بەچیاکاندا دەهاتنە خوار، بوو بەهۆی سەرنج راکێشانی وڵاتە زلهێزەکان.







لەو سەردەمەدا، وڵاتەکانی (بەریتانیا، ئەڵمان، روس و فەرەنسا )گەورە ترین دەسەڵاتدارو زلهێزی دنیا بوون، هەریەکەیان زانای نەوتی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیان هاندا بۆئەوەی بێنە کوردستان و لەنزیکەوە ئەو کانیە نەوتانەو ناوچەکە ببین و دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەڵبسەنگێنن کە چۆن دەتوانن رازیان بکەن بۆ هاوکاریان، دوای چوار پێنج ساڵ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، هەریەکەی بەشێوەیەک تەماحی کردە نەوتی کوردستان.



THE HISTORY OF THE BRITISH PETROLEUM COMPANY
THE DEVELOPING YEARS 1901-1932

He was quite convinced that the most important source of oil in the whole region lay in the oil-bearing strata, which extended from Kirkuk to the district of Pusht-i-Kuh. In particular, he singled out a site alongside a little river, locally known in Kurdish as 'Tchām-i-Tchiasorkh'.[55] When in

لەو سەردەمەدا کوردستان کرابوو بەدوو بەش لە ژێر دەسەڵاتداریەتی (عوسمانی و ئیرانی پەشماوەی صەفەوی)، هەردوو هێزی تورک و فارسی عوسمانی و ئیرانی پەشماوەی صەفەوی، بەهۆی حومکرانی هەزار ساڵەی رابردوویان، کلتوری کوردیان شێواندبوو و کوردەکەیان وا ترساندبوو کە بە هیچ شێوەیەک بیر لەسەربەخۆیی خۆی و وڵاتەکەی نەکات، لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمدیوە کاتێک کە نوێنەری ئەو وڵاتە زلهێزانە هاتوونە کوردستان دەسەڵاتدارێکی کورد پێی وتبن باشە نەوتەکە دەربهێنن بەلام لەژێردەستەی رزگارمان بکەن، هەر هەموویان باسیان لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کردبوو، وەک لەکتێبی

سەد ساڵ و سەد کوردو کوردستان و کێشەی نەوتدا بەبەڵگەوە باسمان کردوە، لەبەر ئەوەی کە شای قاجارەکانی ئێران لەو کاتەدا دۆستی روسەکان بوو.




**Conquest of Tehran by Bakhtiary soldiers. Sardar Asaad is in the middle.**

**The Bakhtiari captured Teheran under the Haft Lang Shah Sardar Assad and played a significant role in constitutional reform and the abdication of Shah Mohammed Ali (r. 1907-1909) in 1909, after which he was exiled to Russia.**

نوێنەری ئینگلیز (wileam de akrae) دەیزانی کە ئینگلیز ناتوانی لە ژێر سێبەری ئەو شایەدا دەست بەسەر نەوتی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بگرێ لە مەسجید سلێمان، سەرۆک خێڵە لورەکانی هاندا کە بچن تاران داگیربکەن و تەخت و تەلاری شای قجار تێک بروخێنن و بۆخۆتان ببنە شاو بەرێوەبەری ئێران، سەرۆک خێڵەکانی لورەکان بە هاوکاری کوردەکانی خوراسان، پەلاماری تارانیان داو داگیریان کرد، شای قاجار رایکرد بۆ ناو کونسوڵخانەی روسەکان لەتاران، داخەکەم کوردەکان لەبەر کۆکردنەوەی تاڵان و هێنانەوەی بۆ کوردستان، تارانیان بەجێ هێشت و گەرانەوە کوردستان، فارسەکان چاپوکانە دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە گرتەوە، لێرەوە ئینگلیز کوردی ناسی و بۆی دەرکەوت کە تەنەکە رۆنێکی ئێستای پێ باشترە لە کارگەیەکی رۆن دروست

کردن و بۆ ئەوە نابن کە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، ئەوەش وای کرد کە ئینگیز رەزا شا دروست بکات و بیکاتە خاوەنی نەوتی کوردستان و رازا شاش بۆ دەست بەسەراگرتنی چاڵگە نەوتیەکانی کوردستان دەستی کرد بە بێدەسەلات کردنی کوردەکان.

**Riza Shah Pahlevi (r. 1925-1941) attempted to destroy the Bakhtiari and they have never fully recovered since that time.**

لەهەمان کاتیش دا، سایکسی ئینگلیزو پیکۆی فەرەنسی کە وەک دوو ئەفسەر لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسە راسپێرابوون بۆ لێکۆڵینەوە لەو بەشەکوردستانەی کە لە ژێردەستی عوسمانیەکان دا بسورێنەوە لێکۆڵینەوە بکەن، ئەوانیش دیتیان هەر دەسەڵاتدارێکی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆی تێدەکۆشێ و هیچی داوای سەربەخۆیی کوردستان ناکات، نامەیان بۆ دەوڵەتەکانیان نوسیوە کە کورد زۆری ماوە ببێتە نەتەوە.

سەرچاوەکان وا نیشان دەدەن کە کوردەکان هەمان هەڵوێستیان نیشان داوە، بەرامبەر بە روس و ئەڵمانەکانیش، ئەو هۆکارانە وای کرد کە ئەگەر هەر گۆرانکاریەک لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بکرێت دەبێ مامەڵی نەوت لەگەڵ کوردەکان نەکرێ، چونکە ماویانە بەخەبەر بێن.

لەکاتێک دا گۆڵبەنکیان و ولیەم لەپێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا پرۆژەی دەرهێنانی نەوتی کوردستانیان دروست دەکرد، سەرانی کورد سەرگەرمی دەروێشی بوون بۆ تورک و فارسەکان.

ئەگەر برۆیە ناو بەڵگەنامەکانی جەنەراڵە کوردەکانی کە لەناو لەشکری عوسمانی و پاشماوەی صەفەویەکان دابوون، یەک جەنەراڵ نابینی پێش هەرسی دەسەڵاتداریەتی عوسمانی باسی سەربەخۆیی کوردستانی کردبێ، تەنها شەریف پاشا نەبێ ئەویش دوای هەرەسی عوسمانیەکان کەوتە خۆ بەهیچ شیوەیەکیش ناوی نەوتی کوردستانی نەهیناوە، شێخەکانی وەک شێخ مەحمودی بەرزنجی و شێخ سەعیدی پیران و سەید رەزاش، لەبەر دەروێشی بۆ تورکەکان ئاگایان لەنیەتی دەسەڵادارانی دنیا نەبوو کە ئەوانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەستبەسەرا گرتنی نەوتی کوردستان دەیانەوێ ئەو گۆرانکاریە بکەن، خۆ ئەگەر شێخ مەحمودی بەرزنجی، لە بایەخی نەوت و هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی بگەیشتبایە، لەجیاتی ئەوەی کە بە دوای بانگەوازی غەزای عوسمانیەکان بکەوتبایە، لەجیاتی ئەوەی بڕوات بۆ شاری شوعیبەی خوارووی عێراق بۆ شەڕ لەگەڵ ئینگلیز، دەیتوانی بروات بۆ کەرکوک و لەسەر چاڵگە نەوتی بابە گوورگور دابنیشتبایەو بابە گوورگوری بکردبایە بە چەکی داوای سەربەخۆیی کوردستان.

بیجگە لە بێخەبەری و هەڵەی ئەو جەنەراڵ و شێخ و خان و ئاغایانەی کوردی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، کە دەرفەتی سیاسی و ئابووریان لەدەست کورد دا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و بوونە هۆکار بۆ تازەکردنەوەی ژیردەستی کورد، لە ناوەراستی سەدەی رابردوشدا ئەو

چینە رۆشەنبیرە تازەی کە پەیدا بوو، یەک دانەیان بەلای بەدواکەوتنی زانستی نەوتی نەکەوتووە بە کۆمەنیزمی مارکسیەت کوردیان لەبەردەم وڵاتە رۆژئاواییە دەسەڵاتدارەکان ناشیرین کردووەو عەرەب و تورک و فارسیان شیرین کردوە.

لەکاتێکدا کە پەرلەمانی عێراقی لە ناوەراستی سەدەی رابردوودا هەوڵی خۆماڵی کردنی نەوتی عێراقی دەدا، ئینگلیزەکان بیریان لەوە کردەوە کە خاوەنداریەتی نەوتەکە بدەنەوە بە کورد، بەڵام رۆشەنبیرانی ئەو سەردەمەی کورد، لەمەبەستی ئینگلیزو کۆمپانیای نەوتەکەی کەرکوک نەگەیشتن.

ئەوەتا کە جە لال تاڵەبانی لە مانگی **1955 - 10**دا سەردانی چین دەکات و لەوێوە نامەیەکی **11** لاپەرەیی بۆ مەلامستەفا لەروسیا دەنوسێت و نامەکەش لەکلتوری ژمارەپێنجی **1990** دا بڵاو کراوەتەوە، تەواوی سیاسەتی پارتی دیموکرات و زانست و خەتی سیاسی رۆشەنبیرانی ئەو سەردەمەی کورد لەو نامەدا بەدی دەکرێ کە خۆی بە چەپ و ماۆیستێکی عەیار **24** نیشان دەدات دژی ئیمپریالیزم، باس لەوەش دەکات کە ئینگلیز و کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دەیەوێ لەرێگای گیوی موکریانی و پاریزەر محەمەد سەعید کانی مارانی و قاسمی مەلا ئەفەندیەوە رۆژنامەی کوردی دەربکەن، ئەگەر جەلال تاڵەبانی و ئەو کۆمەڵە رۆشەنبیرەی بە دەوروبەریەوە بوون، زانستی سیاسی نەوتیان هەبایە، ئەو دەرفەتەیان دەقۆزتەوەو نەوتی کوردیان لە دەست عەرەب دەهینایەدەروە.

ئەوەش بەشێک لە نامەکەیەتی.

ماوەیەکە دەزگاکانی کۆکردنەوەی دەنگوباسی ئەمریکا کەوتونەتە هەڵپەی پەیداکردنی لایەنگر و دۆست لەناو کورددا لەرێگەی گۆڤارە بەدناوەکەی " پەیام " ەوە کە بەشی دانوستانی فەرهەنگیی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عیراق دەری دەکا ، ژاوەژاوێکی ژەهراوی دژی یەکێتی سۆڤیێت و جوڵانەوەی ئاشتی و دژی هەڵاڵانمان بڵاو دەکەنەوە . هەڤاڵ برایم ئەحمەد لەبەر هەڵوێستی لە جوڵانەوەی ئاشتی، کەوتۆتە بەر پلاری گۆڤاری ناوبراو .

نزیکەی دوساڵ لەمەوبەر کابرایەک لە باڵوێزخانەی ئەمریکاوە پێوەندی لەگەڵ سەرخێڵێکی کورد دا دامەزراند [ مەکتەبی سیاسی بەدوورودرێژی ئاگاداری مەسەلەکەیە بەڵام لەبەرئەوەی من لە هەموو رویەکەوە سەری لێ دەرناکەم ، بەسەرپێیی ئاماژەی بۆ دەکەم ) . کابرا بەسەرخێڵەکەی راگەیاند کە ئەمریکا ئامادەیە یارمەتی کورد بدا و بەناوی باڵوێزخانەوە ویستی بە هەڤاڵ برایمەوە بکا بەڵام حزب لاری هەبو . هەر لەوساڵەدا کونسوڵگەری ئەمریکا لە کەرکوک چەندجارێک هەوڵیدا پێوەندی بە هەڤاڵ برایمەوە بکا بەڵام ناوبراو بەرەزامەندی حزب پێوەندی دانەمەزراند . ئێستا حکومەتی ئەمریکا کاربەدەستانی باڵوێزخانەکەی لە بەغدا دەنێرێتە کوردستان تا لایەنگر و دۆستی بۆ پەیدابکەن ائەوەش بەڵگەیەکەواتی باڵوێزی ئەمریکا سەردانێکی کوردستانی کردوە . باڵوێزخانەی ئەمریکا لەگەڵ شێخ باباعەلی و زێدئەحمەدعوسمان پێوەندی هەیە ( سەرودەر لە پێوەندی نێوان باڵوێزخانە وشێخ باباعلی دەرناکەین ) . کاربەدەستانی باڵوێزخانە لەسەردانەکانیاندا هێرش دەکەنە سەر حزبمان و بە کۆمۆنیستی دادەنێن . جارێکیان باڵوێزی ئەمریکا لەماڵی سدیق میراندا لە ئەقلاوە داوەت دەبێ و کۆڕەکە چەند ئەندامێکی پەرلەمان و خەڵکانێکی ناوداری کوردی تێدا دەبێ . باڵوێزی ئەمریکا لە رەوتی قسەکانیدا داوایان لێ دەکا لەسەرخوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە فێرگەکاندا پێ داگرن ، کەچی ئەندامێکی ساویلکەی پەرلەمان وەلامی دەداتەوە ، دەڵێ گوایە ئەمە کاری ئێمە نیە ، کاری پارتی دیموکراتە . باڵوێزی ئەمریکا پێی دەڵێ پارتی دیموکرات حزبێکی کۆمۆنیستە و هەڕەشە لە کوردستان دەکا ( سەیرە ! هەڕەشە لە کوردستان دەکا نەک لە قازانجەکانی ئەمریکا وبریتانیا ) حزبمان بەردەوام هێرشی کردۆتە سەر ئیمپریالیستە ئەمریکیەکان . لە هەموکۆبونەوە و خۆپیشاندان و وتار و رۆژنامە و کۆڕ و جەژن و هەڵبژاردنێکدا ولە هەمو هەل و دەرفەتێکدا پڕۆژە جەنگیەکانی ئەمریکامان ریسواکردوە ، پەردەمان لەسەر درندێتی ئەمریکا لە کۆریا و ناوچەکانی تری دنیا و سیاسەتە دژی

دیموکراتیەکەی هەڵمالیوە و ئەخشی ئەمریکامان لە سەرکوت کردنی جولانەوە دیموکراتیە رزگاریخوازەکەی کوردستانی ئیراندا بە رچاو خستوە .

حزبمان بەردەوام هێرش دەکاتە سەر سیاسەتە شەرخوازەکەی ئەمریکا و هەمیشە و بەردەوام روی گەشی سیاسەتە ئاشتی خوازیەکەی یەکێتی سوڤیتی سەرفراز دەردەخا ، ئەوسیاسەتەی کە لە رزگاربون و بەختەوەری گەلان پشتیوانی دەکا . ئیمە ئەخشی یەکیتی سوڤیتمان لە رماندنی فاشیزم و رزگارکردنی گەلان و پاراستنی ئاشتی و پشتگیری کردنی گەلان و یارمەتیدانی کوردو کوردستان بەرچاو خستوە .

حزبمان لە سیاسەتی داکۆکی لە یەکێتی سوڤیت هەرگیز کەمتەرخەمی نەکردوە و نایکا . حزبمان بو چەسپاندنی پێوەندی لە نێوان یەکێتی سوڤیت و عیراقدا تێدەکوشی . لە کاتی هەلبژاردندا و لە کۆر و یادا شتە جەماوەریەکاندا دروشمی پتەوکردنی دوستایەتی و پێوەندی لە گەل یەکێتی سوڤیتدا و دانانی بەکۆماری گەلی چین و دەولەتانی دیموکراسی گەلی دیارترین دروشمی حزبمان بوە .

لە سەرێکی دیکەوە ئیمپریالیزمی بریتانیا لە هەولێر لە رێگەی گیوی موکریانی یەوە روژنامەیەک بە ناوی " هەتاو " ەوە دەردەکا . رۆژنامەی ناوبراو جارێ هەفتانەیە و تیازوا بو کونسولی بریتانیا لە موسل بە ناوی " دەنگی راستی " دەریکا و پاریزەر محەمەد سەعید کانی مارانی بکرێتە بەرێوەبەری بەرپرسیاری . حزبمان هەر لە سەرەتاوە سەری لەو پروژەیە دەرکرد و پەردەی لە روی هەلمالی . پاشان بەرێوەبەری کۆمپانیای نەوتی کەرکوک پێوەندی بەقاسمی مەلا ئەفەندی یەوە کرد و داوای لی کرد لە هەولێر روژنامەیەک دەرکا . کۆمپانیا و بالوێزخانە بەلێنیان دا لەم بارەیەوە یارمەتی بدەن بەمەرجێک هەندێ وتاری دیاریکراویان بۆ بلاوبکاتەوە ، بەلام ناوبراو رازی نەبو . پاشان لە رێگەی عەبدوللا سکوچی نۆکەری ئنگلیزەوە ، پروژەی گوڤاری " هەتاو " لە رێگەی گیوەوە سازکرا . ئێستا گوڤاری ناوبراو ژەهری خۆی بلاو دەکاتەوە .

حکومەتی ئەمریکا بەتەمایە بەشێک لە بەرنامەکانی " دەنگی ئەمریکا " ( دەردی "رزگاری" واتەنی " دەنگی شەیتان " ) بە زمانی کوردی بلاوبکاتەوە و ئێستا بەرنامەکانی بەشی کوردی لە بەغدا زیادی کردوە . ئیمە بە پێویستی دەزانین بەشی کوردی لە رادیوی موسکو یا ئێزگەیەکی لە بابەت ئێزگەکەی ئازەربایجان هەبێ .

هەڤالانی هێژا ، ئەمە ئەوەیە کە توانیومە لە سەر داوای حزب بە پەلە بینوسم . ئیمە دەمانەوێ زیاتر پێوەندیتان لە گەلدا دامەزرێنین تا راپۆرتی تێروتەسەل دەربارەی بارودوخی خومان بنێرین . حەز دەکەین را و بۆچون و سەرنجەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن . ئیمە گەلەک پێویستمان بە راوسەرنجی ئیوەیە .

بۆ پێشەوە لە ژێر سەرکردایەتی قارەمانی رزگارکردنی کوردستان جەنرال مستەفا بارزانی *

چەند ساڵێک پێس جەنگی جیهانی دووهەم، ئەمەریکا وەک زلهێزێکی دنیا خۆی دەرخست و بە بەشداری لەجەنگی جیهانی دووهەم و سەرکەوتنی لەشەرەکەدا، توانی خۆی بکاتە ئاغای وڵاتە رۆژئاوایەکان و پیلان بەدوای پیلانی دادەنا بۆ زیاد کردنی بەشی خۆی لەنەوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و کوردستان دا، یەکێک لە پیلانەکانی فریودانی صەدام حوسەین بوو بۆ داگیرکردنی وڵاتەکانی کەنداو، باروو دۆخێک دروست بوو بۆ دابەزینی ئەمەریکا لەکەنداو بە هاوپەیمانی زیاتر لە ٦٠ وڵاتی دنیاو هیزێکی زۆرەوە.

لێرەوە جارێکی تر، سەرانی ئەو حیزبە کوردیانە، بەنامەیەکی کراوە بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانان، وەک مامۆستا جەرجیس فەتحوڵا لە گفتووگۆیەک دا لەگەڵ گۆڤاری سەرهاڵدانی نوێدا باسی کردوە، سەرکردایەتی ئەو حیزبە کوردیانە، بەناوی گەلی کوردەوە، هاو سەنگەری خۆیان بۆ

صەدام حوسەین نیشان داو داوایان لە ئەمەریکاو هاوپەیمانان کرد کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەجێ بهێڵێ.

لێرەوە ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان، هەوڵمان دا بارو دۆخەکە بقۆزینەوە بۆ بەرژەوەندی کورد، پشتیوانی هاوپەیمانانمان کردو پرۆژەی نەوت داوای یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستانمان خستە سەرمێزی سیاسیان، وەک دەبینن، پێشوازی لە داواکانمان کراو هاوکاریشیان کردین، بەڵام داخەکەم سەرانی ئەو حیزبانەی کە داوای ڕۆیشتنەدەرەوەی هاو پەیمانانیان دەکرد، دەستیان بەستین و بە منیان گووت کە نابێ تۆ باسی نەوتی کوردستان بکەی، ئەوان بە ئەقڵی عەشایری مامەڵەیان لەگەڵ من و نەوتی کوردستان دا کرد، پێیان وابوو من بێ کەس و نەزانم، ئەوان دەتوانن دەست بەسەر نەوتی کوردستان دابگرن، تا ئەمڕۆ وا ٢٢ ساڵ کێشەی کوردیان خستە ژێر بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و بێجگە لەبەخاڵ پڕکردنی خۆیان، هیچ دەستکەوتێکی سیاسیان بەدەست نەهێناوە.

سەردار پشدەری – لەندەن – 2013 – 12 – 5


تەقدیمة الی الأخ الکریم الفاضل
سردار البشدری
فی ٢٦ شباط ١٩٩٦ جرجیس فتح الله

حوار مع

الاستاذ جرجيس فتح الله

هذة مقابلة اجرتها مجلة (سەرهەلدانی نوێ) مع الاستاذ جرجيس فتح الله المحامي في اواخر ايلول ١٩٩٥.

في ١٢ من آب ١٩٩٠، وعلى اثر غزو النظام العراقي دولة الكويت واسراع الحلفاء بزعامة الولايات المتحدة في ارسال قواتهم الى الخليج وقفت الجبهة الكردستانية المؤلفة من «الحزب الديمقراطي الكردستاني والاتحاد الوطني الكردستاني، والحزب الاشتراكي الكردستاني وحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني والحزب الاشتراكي الكردي وحزب كادحي كردستان والحزب الشيوعي العراقي فرع كردستان» على بيان اصدرته قوى المعارضة العراقية جاءت فيه هذه الفقرة انقلها نصا: *نطالب حكومة الولايات المتحدة وحلفاءها الغربيين بعدم التدخل في شؤون منطقتنا، ونشجب اي وجود للقوات والاساطيل العسكرية الغربية في منطقتنا (؟) وخاصة الامريكية منها والمطالبة بان تكف الدول الامبريالية عن التدخل في شؤون البلاد العربية وان تسحب جميع قواتها فورا.*

١٨


دولة كردية في شمال العراق
مشروع قديم على طريق التجديد

اريكان: واشنطن كانت تخطط لاقامة دولة كردية شمال العراق!

البارزاني: لا نسعى لاقامة دولة مستقلة

الصحاف: عملية أربيل أجهضت مشروع تقسيم العراق

طالباني اكد للاسد رفض الاكراد تقسيم العراق


مشروع كردي لاستثمار نفط الشمال وتخصيص عائداته لاحتياجات المنطقة

Tuesday 26

الأمم المتحدة وافقت والبنوك قدمت قروضا

مشروع كردي لتصدير النفط من شمال العراق







طوفان النزوح يتضخم إلى مليون لاجئ في تركيا وإيران

جسور جوية أوروبية للإغاثة العاجلة وإنزال مظلي للمعونات داخل الأراضي العراقية

أعلن أنه إتفق وصدام على تطبيع الوضع في كردستان

طالباني: نرفض التقسيم ونناشد الأكراد العودة وعلى القوات الأجنبية الانسحاب من شمال العراق قريباً

# پرۆژەی نەوتی کوردستان چی بوو و چی لێهات ؟

پرۆژەی نەوتی کوردستان، پرۆژەیەکی ئابوری و سیاسی بوو، بۆ بوژاندنەوەی ئابووری کوردو ئاوەدانکردنەوەو یەک گرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستانی گەورە

یەکەم گرفەی نەوتی کوردستان لەنەورۆزی ١٩٩٢ بە هاوکاری ئەندازیارانی ناوخۆ و بێبیگانە دوور لە دەسەڵاتی بەغدا







پرۆژەکە پرۆژەی هەموان و بڕیار درابوو بەشی هەموان وەک یەک بێ



پرۆژەی نەوتی کوردستان لەسەردەمێکدا هاتەکایە، کە نیوەی خوارووی کوردستان وێران کرابوو و دوو ملوێن کورد ئاوارە بوو بە بە چیاکانەوە، بەرەی کوردستانی وەک بێ ئومێدێکی سیاسی، لەبەغدا بوون بۆ گفتوو گۆ لەگەڵ صەدام حوسەین،

ئێمە بە پشتیوانی دۆستە بێگانەکانمان توانیمان بچینە ناو نەتەوە یەکگرتوەکان و داوای یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستان بکەین لەژێر پەردەی مرۆڤایەتی و فریاکەوتنی کوردە ئاوارەکان، باڵوێزی هەر چوار دەوڵەتی ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا ، ئیسرائیل و بەرپرسی نەتەوەیەک گرتوەکان بۆ بەشی عێراق کان بۆ بەشی عێراق بینی و بە تێکڕاپشتگیری خۆیان بۆ پرۆژەکانمان و گەڵی کورد دەربڕی و شەرعیەتی نێونەتەوەییان دامێ بۆ دەستکاری نەوتی کوردستان و کردنەوەی بیرەکان، لە پاڵ ئەوەشدا، چرای سەوزیان بۆ کۆمپانیا نەوتیەکان و بانکەکان هەڵکرد، بۆ یارماتی دانم.

گەراینەو خوارووی کوردستان، جەماوەر پێشوازیەکی گەرمی لێکردین، کۆڕو سەمینار لەشارەکان بەسترا، پرۆژەکە بۆ جەماوەر ئاشکرا کرا، جەماوەر خۆشحاڵ بوو و پشتیوانی خۆیان دەربڕی، زانکۆی صەلاحەدین کۆری بۆ پێکێناین بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە مامۆستایەکی زانکۆ لە کۆرەکەدا شەرعیەتە نێو نەتەوەیەکەی بەئینگلیزی بۆ مامۆستایان خوێندەوە، بەتێکڕا لەرووی یاسای و ئابووری تەکنیکیەوە پرۆژەکە هەڵسەنگێنرا، بەتێکرا دەستخۆشیان کردو پشتیوانی خۆیان دەر بری و خەڵاتی زانکۆیان پێ بەخشیم، دوای ئەوە دەست بەکار بووم و دەستم کرد بە کردنەوەی بیرەکان، نەوتەکەمان دەرهێنا، سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتی دوو رویان لەگەڵم بەکار هێنا، لەلایەک دەیانگووت پشتیوانیت دەکەین و لەلاکیش خەڵکیان لێ دوور دەخستمەوە، لە سەر داوی ئەوان ساردەم بە کارەکە کرد بۆ دوای هەلبژاردن، کە هەڵبژاردن کرا، کاک فواد مەعسومی سەرۆک وەزیر و کاک جەوهەر نامیقی سەرۆک پەرلەمان منیان دەنگ دا کەنابێ باسی نەوتی کوردستان بکەم، نەمویست پرۆژەکان بە خوێنی کورد سوور بکەم، بەبێ کێشە وڵاتم بۆ بەجێ هێشتن، دوای من هەریەکەی هەوڵیدا بۆخۆی نەوتەکە دەربهێنێ، نەوتەکە شەڕی خۆ بەخۆی بۆ دروست کردن، بیجگە لە بەکوشتدانی هەزاران کورد، نیوملوێک کوردیشیان بەئاوارە کردن دا، ٢٢ ساڵ دەرفەتی سیاسیان لەدەست کورد دا.




www.peshmergekan.com